Kurdocide Watch CHAK Çawdêrî Kurdosayd

www.kurdocide.com

Kurdocide Watch focuses on genocide and human right matters in Kurdistan

Former Center of Halabja against Anfal and Genocide of the Kurds - CHAK

# له ڕۆژی کۆیلەداری جیهانیدا,داوای ئاشکرا کردنی چارەنووسی منالأن و ژنانی بێسەروشوێنی کورد دەکەین

له بەرواری ١٧-١٢-٢٠٠٧,نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٢٥-٣ی بە ڕۆژی قوربانیانی کۆیلەداری ناسیووە. بە کۆیلەکردنی مرۆڤەکان و فرۆشتنیان له بازاڕەکاندا,یەکێک له نەنگترین لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە. دوای زیاتر له ١٥٠ ساڵ له هەڵوەشاندنەوەی سستەمی کۆیلەداری ,لەم کوردستانە جارێکی دیکە له پرۆسەی بە دناوی ئەنفالدا,ژمارەیەکی نەزانراو له کوڕان وکچانی کورد,له دیلەکانی پرۆسەی ئەنفال, دەفرۆشرێن,یان دەبەخشرێن,یان دەڕفێنرێن له کەسوکارەکانیان ,ئەو پرۆسەیە بە هەموو پێوانەیەک دەچێتە چوار چێوەی پرۆسەی بە کۆیلە کردنی مرۆڤەوە. بۆیە له یادی ڕۆژی کۆیلەداری جیهانیدا,ئێمە داوای ئاشکراکردنی چارەنوسی هەموو ئەوکوڕو کچە کوردانە دەکەین,تا ئێستا شوێن بزرن. کۆیلە کردنی مرۆڤ بە پێی پەیمانامە جیهانییەکان یەکێکە له تاوانە گەورەکان.
لەم ڕۆژەدا داوا له لایەنە بەرپرسەکانی کوردستان دەکەین,هەڵمەتێکی گشتی بۆ دۆزینەوەی هەموو ئەو کوڕو کچانە دەست پێبکەن کە له پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانداا,دزراون یان ون بوونە .
بە پێی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی ,کۆیلە کردنی مرۆڤ بە شێکە له تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی "بە پێی مادەی ٧ فەقەرەی ج :کۆیلە کردن تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە",وەلێ بە پێی مادەی ٦ فەقەرەی ە " ڕفاندنی منداڵی کەمتر له ١٨ ساڵ تاوانی جینۆسایدە ,تاوانبار کە زانیبێتی ئەوانە له ١٨ ساڵ کەمترن".
بەم پێیە تاوانی ڕفاندنی کچان و ژنان و منالأنی کورد یەکێکە له تاوانە گەورەکان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەرەو ڕووی دەبێتەوە.


## چاودێری کوردۆساید

**Kurdocide Watch**

www.kurdocide.com

kurdocide@hotmail.com

kurdocide@yahoo.com



چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك له ٦ ـ ١ـ ٢٠٠٢ وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال له دایکبوو, پاشان له ٢٠٠٢ دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ـ چاك , له ٢٤ ـ ١ـ ٢٠٠٩ دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.